# هاووڵاتی و مارینز !

کەیهان عەزیز
kayhanaziz@maktoob. com

بەر لەرووخانی سەددامی دیکتاتۆر، بیزنیسی هاولاتی هەوالْ وبەسەرکردنەوەوئەنترڤیوی ڕێبەرانی تاقم ودەستەجاتە تیرۆریستە ئیسلامیەکان بوو، تابەقەولی ئەندامێکیان، هەر ئەم کارە وایکردبوو، کەبوورس وتیراژی هاووڵاتی هەرجارێك (2000) دانەی زیاترلێبفرۆشرێ! بژی پرنسی موسلْمانان کەتیراژی هاووڵاتی وابەرز ڕاگرتبوو! ! .

ئەمە وێرای بیزنیسێکی دیکەی هاووڵاتی، لاپەڕەیەکی (بەرماڵی) یە کە بۆ نامەوپەخشان و ووڕێنەکانی، نییوفەیلەسوفەکانی سووپەر مۆدێرنەیان تەرخان کردووە ! .

هەربلاۆکراوەیەك فەلسەفەی بوونی خۆی هە یە. لێدانی تاقمی تیروریستی رب العالمین وگرتنی پرنسی موسلْمانانیش، فەلسەفەو بوورس وبوونی هاووڵاتی خستە ژێرپرسیارەوەو دەبووا هاووڵاتی سوژەیەکی بێ، تا شتێك نمایش بکا ! ! ، کەبەپێی هەلومەرجی تازەو بوونی مارینز! ، خودی مارینزو ڕەخنە لەسایەی مارینزدا، بووە سوژەی ! .

## هاووڵاتی ئوپورتونیست!

دوانزە سال لەمەوبەر، کاتێك لەمارینز خەبەرێك نەبوو، حەمەسەعیدحەسەن لە پاشای عەرشی کەلاوە دا، زۆربوێرانە پەردەیەکی قەشەنگی لەسەرکارە دزێوەکانی ینك ویدك هەلْمالْیبوو. هەرئەوکات گروپ ودەستەوکەسانێکی چەپیش، بوێرانەو لەسەر هەمان ڕێتم ڕەخنەیان دەگرت، وەلێ پێدەچێ وابەستەبوونی ئەو کەسانە بەو گروپانەوە، زۆر لە چێژوبارستایی ڕەخنەکانیانی کەم کردبۆوە.

کاتێ دەستەجاتە ئیسلامیەکان لەئەنجامی شەڕی نێوخۆ و. . . خەریکی خۆتەیارکردن بوون، دیسانەوە هەمان خەلْکان ونووسەران بوون، کەڕیسکی بەرپەچدانەوەی ئەم تاقم ودەستەجاتە تیرۆریستانەیان لەئەستۆ گرتبوو. هاووڵاتی مۆدێرنیش لەبری ڕەخنە سەرگەرمی قەبەکردن وبەخشینی سپێسێکی گەورەبوو بەم تاقمانە ! .

کاتێ حەمەسەعیدحەسەن و تاهرسالْح شەریف ونووسەری ئەم چەند دێرە، ووتاری ڕەخنەیی وغەیرەڕەخنەییمان بۆ دەناردن، لەئا ستیدا، دەبوونە کەڕەی شەربەت! ، چونکە پێدەچێ لەلاوازی ئاستی ڕەخنەونووسینەکانمانەوە بووبێ ! ! .

کەچی لەسایەی بوونی مارینزدایە، هاووڵاتی فێری ڕەخنە دەبێ و دەیەوێت بە ڕەخنەلاوازەکانی چەند سالْ پێش ئێستای ئێمە ! ببێتە سەرکاروانی ڕینیسانس ! .

کەوایە هاووڵاتیش خەریکی هەمان پۆکەرە کەسەرکردایەتی (پرلەبەعسی) کورد خەریکێتی.، سەرگەرمی فریووخوڵ کردتە چاووی خەلْکانی کوردە، وەك ئەوانیش (ینك ویدك) دەیەوێ بەهەلْوێست پێیان بفرۆشێتەوە !

ڕەخنەگرتن کاتێك لوژیکە، کە: 1- ڕەخنەگر لەسایەی بروایدا (نەك مارینز) ڕەخنەبگرێ. 2- ڕەخنەکانی دەست قەرز نەبن وکۆپی ومونتاژ نەکرابن، یا بەوواتایەکی تر نەدزرابن. بۆیە ڕەخنەکانی هاووڵاتی، ئەم دوو پێش مەرجەی ڕەخنەی تیا نیە. چونکەلەسایەی مارینزدا هەلْساوە بە، کۆپیکردنەوەومونتاژکردنی ئەوڕەخنانەی کەسالآنێك بەرلەئێستا ئێمەومانان ئاراستەی پدك وینکمان کردبوو.

بەڕاست، هەناسەدان بەڕەخنەی دەست قەرز، هونەر نیە ؟ ؟ ! .

DenBosch
4-08-2003

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی نووسەرەکەیەتی، کوردستان نێت لێی بەرپرسیارنییە.